تیرۆر لە ئینتەرنێت

داخوا کوردستاننێت بۆتە کانالی تازەی تیرۆریزمی هایپرسپایس؟

رەخنە لە کەسایەتیەکان و بەتایبەت ئەو کەسانەی کە کار و کردەوەکانیان پێوەندیان بە ژیانی سیاسی و پرسی سیاسی کۆمەڵگاکەوە هەیە، وەک مافێکی سروشتی و بەشێک لە رەوتی دێموکراتیزاسیۆنی کۆمەڵگای کوردە. بەڵام کە رەخنە سنووری هێڵی سوور تێپەردەکا و دەبێتە جنێو و سووکایەتی کردن، ئەوکات شێوازی نوێی تیرۆر لە کانالی ئەلەکترۆنیەوە دەست پێدەکا و ئەو بڵاو کراوەیە، کە ناوەرۆکی گوماناوی و تیرۆری کەسایەتی مرۆڤ بڵاو دەکاتەوە بەشێکی گرنگ لە تاوانەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو.

رۆژی 10.2.2006 کوردستان نێت وتاری کەسێکی بەناوی ب.یادگار ؟؟ لە ژێر ناونیشانی "عیرفانی رهنمون راوێژکاری سکرتێر! یان داشەهارەی کۆماری ئیسلامی لە ناو ح.د.ک ئێران-دا" بڵاو کردەوە. نووسەری ئەم دێرانە بە چەند هۆوە خۆی لە وەڵامدانەوە بە جنێوەکانی ب. یادگار بێ نیاز دەزانێ: 1. ب. یادگار ناوێکی حەقیقی و حقوقی نیە، بۆیە دەتوانین بڵێین کەسێک بەو ناوە و کەسایەتیە نیە، 2. بە پێچەوانەی یاسای راگەیاندنی تەنانەت هۆلەندیش، نووسەری وتارەکە سەرەرای مافی نازناو خاوەنی هیچ جۆرە پێوەندیەکی راستەوخۆی ئیمایلی نیە، کە خوێنەر بتوانێ سەرنجەکانی خۆی بۆی بنێرێ و 3. نووسەر دەستی داوەتە بە جنێو و سووکایەتی بە یەکێک لە کەسایەتیەکانی کوردستان، کە ئەگەر ناوبراو لە یەکێک لە وڵاتانی ئوروپا ژیابا، دەیتوانی لە سەر بڵاوکردنەوەی ئەو تۆمەتنامەیە دۆزێکی یاسایی بکاتەوە، کە ئەوکات بەر لەهەموو کەس رۆژنامەنووسی کورد لە هەندەران دەکەوتە ژێر پرسیارەوە.

خاوەنی کوردستاننێت، لەوانەیە لە گەڵ وشەکانی ئەخڵاقی رۆژنامەنووسی Codes of Journalism Ethics، بەرپرسایەتی یاسایی سەرنووسەر یان خاوەنی بڵاوکراوەی ئینتەرنێتی، بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی کاری خۆی لە بواری بڵاوکردنەوە ئاشنا بێ. ئەگەر وەڵامی ئەوانە بەڵێ بێ، بێگومان خاوەنی کوردستاننێت تێدەگات: کە وشەی "دەعبا" (پاراگرافی 4، دێری یەکەمی، تۆمەتنامەی ب. یادگار) بۆ مرۆڤ بەکار نابردرێن و مومارەی بوونەوەری لە گەڵ مرۆڤ تیرۆر و تەوهینی راستەوخۆ بە بنەماکانی نووسین و رۆژنامەگەریە. جگە لەوانە هەمووی ئەو تاوان و جنێوانەی لەو وتارەدا نووسراون، بۆ ئەوە دەشێن کە خاوەنی کوردستاننێت ببێتە وڵامدەر لە بەرانبەر ئەو کردەوە "نامەسئولانە"کەی خۆیدا.

ماوەیەک لەمەوبەر لە کوردستاننێت دا نووسرابوو، کە ئێمە جنێو و بابەتی کۆنەبەعسیان بڵاو ناکەینەوە و ئەگەر لەمەو پێش بڵاومان کردۆتەوە داوای لێبۆردن دەکەین. پرسیار لە کاک عومەر ئەوەیە: "داخوا کۆماری ئیسلامی لە بەعسیەکان جیاوازن؟ نەکات خوای ناکەردە کوردستاننێت جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دژی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و تیرۆری رێبەرانی شەهیدمان لە هەندەران بە بەشێك لە پرۆژەی لە ناو بردنی "دەعبا"کان ناو ببات و خۆی کردبێتە شەریکی تیرۆری کەسایەتیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان.

رێزدار عیرفان رەهنموون، یەکێک لەو لاوە شۆڕشگێر و خەباتکارانەیە، کە نوێنەرایەتی نەوەی نوێی خەباتی نەتەوایەتی و دێموکراتیکی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات. بوونی خوێنی تازە لە رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاتنە مەیدانی هزری نوێخوازی و پێناسەکردنی سەرلەنوێی رۆڵی رێکخراوەکانی سیاسی، نەتەنیا بۆتە هۆی نیگەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵکوو گەلێک کۆنەپەرستان و باوکسالارانی کۆمەڵگای کوردیشی خۆستۆتە نیگەرانیەوە. سکرتێری گشتی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رێزدار مستەفا هیجری، لە وەڵامی پرسیارێکدا لە ساڵی 1988دا، کە بۆچی کۆماری ئیسلامی، هەندێک رێکخراوی مەزهەبی و چەپی توندرەو هەموو رۆژێ دژی کەسایەتیەکانی دێموکرات پرۆپاگەندە دەکەن و دیانی خێریان پێوە نانێن فەرموویان: "هەرکات ئەوان بەخراپە باسی ئێمەیان کرد، ئێمە دەبێ خۆشحال بین، چونکە ئەوە بەواتای ئەوەیە کە کردەوەکانمان بۆتە هۆی لەرزە وەگیان خستنی دوژمن. ئەگەر دوژمن بە باشی باسمان بکات، دەبێ لەخۆمان بە گومان بین....." سەیر نیە گەر کۆماری ئیسلامی و دوژمنانی گەلەکەمان تیرۆری کەسایەتیە سەرکەوتووەکانی دێموکرات دەکەن.

کاوە ئیبراهیمی
kawe_fi@hotmail.com